پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پیاوێکی دەستنیشانکرد بۆئەوەی ببێتە بەرپرسی سوپایەک؛ لە کاتی پێشنوێژیدا بۆیان بەردەوام بە (قل هو الله أحد) -سورەتی الإخلاص- (خوێندنەوەی قورئانی) تەواو دەکرد

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پیاوێکی دەستنیشانکرد بۆئەوەی ببێتە بەرپرسی سوپایەک؛ لە کاتی پێشنوێژیدا بۆیان بەردەوام بە (قل هو الله أحد) -سورەتی الإخلاص- (خوێندنەوەی قورئانی) تەواو دەکرد»، کاتێک گەڕانەوە ئەمەیان بۆ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- باسکرد، فەرمووی: پرسیاری لێبکەن بۆچی ئاوا دەکات؟ ئەوانیش پرسیاریان لێکرد، ووتی: چونکە (ئەم سورەتە) سیفەتی خودای میهرەبانی تێدایە، منیش حەز دەکەم بیخوێنمەوە، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «پێی بڵێن کە خوای گەورە خۆشی دەوێت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پیاوێکی دەستنیشانکرد بۆئەوەی ببێتە سەرکردەی سوپایەک؛ بۆئەوەی بەڕێوەیان ببات وحوکم لە نێوانیاندا بکات، و بۆئەوەی کاروبارەکان بە شێوەیەکی ناڕێک بەڕێوە نەچێت، بۆیە باشترینیانی هەڵبژارد لە ڕوانگەی دینداری وزانست وبەڕێوەبردنەوە، وپێشەواکان (ئەمیرەکان) بوون بە ئیمام لە کاتی پێشنوێژیدا وفتوایان بۆ خەڵکی دەدا ئەمیش بەهۆی دینداری وزانستیانەوە، بۆیە (قل هو الله أحد) -سورەتی الإخلاص- ی دەخوێند لە ڕکاتی دووەمی هەموو نوێژێکدا؛ ئەمیش بەهۆی خۆشەویستی خوای گەورە -سبحانه وتعالى-، و هەرکەسێک شتێکی خۆش بوێت زۆر باسی دەکات. کاتێک لە پاش جەنگەکە گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەمەیان بۆی باسکرد، ووتی: پێی بڵێن بۆچی وا دەکات، ئایا ئەمە بەهۆی ڕێکەوتە یان پاڵنەرێک هەیە؟ پێشەواکە ووتی: ئەمەم ئەنجامدا چونکە ئەم سورەتە سیفەتەکانی خوای گەورەی تێدایە -سبحانه وتعالى-، بۆیە منیش حەز دەکەم کە دووبارەی بکەمەوە. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: پێی بڵێن هەروەکو چۆن بەهۆی خۆشەویستی بۆ ئەم سورەتە حەز دەکات دووبارەی بکاتەوە چونکە سیفەتە مەزنەکانی خوای گەورە تێدایە کە لە ناوە پیرۆزەکانیدا ئاماژەی پێکراوە؛ خوای گەورە خۆشی دەوێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5213